# مردن لە پێناوی گۆڕینێکی پۆزەتیڤانەی ناسنامە

## (خوێندنەوەیەک بۆ دەقی- مردن ئاشکرای کردم- ی جەلیل کاکەوەیس)

**ئەدیب نادر**
**(بریتانیا)**

ئەگەر دەق بە پیت بچوێنین، ئەوە دەبێ خوێندنەوە بە دانانی خاڵ بزانین لەسەر ئەو پیتانەی دەق پێکیانەوە دەلکێنێ، چونکە زۆربەی ئەو دەقە ڕەخنەییانەی لێرە و لەوێ بەرچاومان دەکەون هەر تەنیا چوارچێوەی کارە ئەدەبییەکە بەسەردەکەنەوە و هەوڵی ئەوە نادەن وەک ئۆقیانووس لێی ڕامێنن و بە ناخە قووڵەکەیشیدا ڕۆبچن و(مارین بایۆلۆژیست)ئاسا ئەو بوونەوەرە سیمبۆلیانە ناوزەد بکەن کە هەناوی نووسین ژاوە دەکەن، با ئەمە بە شێوەیەکی دیکە دەربڕین: وەک شت (ئۆبژێکت)ێک کە ڕەهەندی دەرەوەیی بەرهەستی هەیە و بریتی نییە لە چەندان پێوەندی ناوەکییانە، تەماشای دەکەن، یان با بە زمانی جۆناسان کولەر ئەمە بڵێین، فۆکەس ناکەنە سەر پێوەندییەکان و لەسەر شتەکان هەڵوەستە دەکەن.

خوێندنەوەیش ڕامان نەبێ لە پێوەندییەکان، ئەوە دەق نابێتە بوونەوەرێکی بەرهەمهێن، جگە لەوە ئەگەر ئامانجی گێڕەرەوەی دەق ئەوە بێ خوێنەر ون بکات و وای لێ بکات بە تەواوەتی لە هەقیقەتی ئەوە دووری بخاتەوە کە خەریکی خوێندنەوەیە هەروەک ئەوەی فۆرد مادۆکس فۆرد بۆی چووە، ئەوە دەق، هەروەک چۆن (ئەی.سی.برادلی)سەبارەت بە شیعر دەڵێ: خۆی لەخۆیدا جیهانێکە، دەبێتە جیهانێکی لەخۆدا ڕسکاو و تەواو. ئەگەر بشتەوێ ئەو جیهانە دەستەبەر بکەیت، ئەوە پێویستە لەسەرت بچیتە ناوییەوە، چونکە لە دەرەوە ناکرێ وردەکارییەکانی ئەو جیهانە دەستەبەر بکرێت. لێرەدا ئامانجی ئەم گوتەیە لەگەڵ ئامانجی ڕەخنەدا یەکدێتەوە و پێویستە ڕەخنە لەم کۆنتێکستەدا بە زمانێکی بیرکەرەوە بدوێ بۆ ئەوەی دەق وەڵامی بداتەوە و لەوەیش بترازێ خوێندنەوە ئەگەر بیەوێ شتێکی جیاواز بێنێتەدی، ئەوە بێ گومان پێویستە گۆشەنیگای جیاواز و پۆزەتیڤانە لەخۆ بگرێت و بەو شێوەیە لە



**جەلیل کاکەوەیس**

بەرهەمی ئەدەبی وردبێتەوە تا دەرەنجامێکی جیاکار بەدەستەوە بدات.

ئەگەر کیتسی شاعیر وتبێتی"جوانیی هەقیقەتە"، ئەوە یۆری لۆتمان شتێکی دیکەی هێناوەتە ئاراوە، ئەو شتەیش "جوانیی زانیارییە"، واتە کۆنسێپتەکە لەلای ئەو دەگۆڕێت و بە گوێرەی کات و سەردەم و ژینگە کاژی کۆنی خۆی فڕێ دەدات و خۆی بە شێوەیەک نمایش دەکات هەتا لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی دەرەوە و ناوەوەی مرۆڤدا بگونجێت. لێرەیشدا ئێمە دەکەوینە بەردەم دەقێک، کۆمەڵێک زانیاریمان دەداتێ- یانی هەقیقەتمان بە تەواوەتی پێشکەش ناکات هەروەک ئەوەی کیتس دەڵێت، بەڵکو هەندێ زانیاریمان لەبارەیەوە دەداتێ و هەندێ نەوتراویش بۆ لێکدانەوەی خۆمان دەهێڵێتەوە- و ئێمەیش هەوڵی ئەوە دەدەین ئەو پێدراو و زانیارییانەی تێکست بەرباس و لێکۆڵینەوە بدەین و بیرێک لە نەوتراوەکانیشی بکەینەوە و بگەین بە پەیامی نووسەر، ئەو پەیامەی پۆل ئێلوار دەڵێ: دنیابینییەک بە خەڵک دەبەخشێت. ئێمە لێرە دەق دەخوێنینەوە، تا سەبارەت بە دنیا پەلوپۆ بە زانیاری و تێگەیشتنمان بدەین وەک ئەوەی دەیڤد لۆج بۆی چووە، بۆیە هەڵهێنجانی زانیاری لەوانەیە یەکێک بێت لە ئامانجە سەرەکییەکانی خوێندنەوە.

چیرۆکی (مردن ئاشکرای کردم)، دەقێکی جەلیل کاکەوەیسە، کۆمەڵێ زانیاری لە هەناوی خۆیدا حەشارداوە، چ زانیاری ڕاستەوخۆ، یان زانیاری ناڕاستەوخۆ- کە دەکرێ ئەمەی دوایی بەو نەوتراوانەیش لەقەڵەم بدەین کە لە ئەندێشەی دەقدا خۆیان دەشارنەوە و پێویستە پەیبیان پێ بەرین-.

ڕاستییەکەی هەر لە ناونیشانیشەوە دەردەکەوێت مردن بێ چەند و چوون هەڵگری دەلالەتێکە و وەک زانیاری بەرجەستەی دەکات و دواتر بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە دەلالەتی چییە، بێ گومان زانیارییەکان بە هەند وەردەگرین و تەقەلای ئەوە دەدەین کەڵکیان لێ وەربگرین و کۆمەکیان لێ بخوازین بۆ ئەوەی هەر لە ماناکانی خودی دەق خۆبەوە ئەو خوێندنەوەیە بەدی بهێنین و مانای دەرەکی بەسەردا نەسەپێنین. یانی وەک ئەوەی پێشتر لەمەڕ جۆناسان کولەرەوە وتمان، دەڵێت: فۆکەس و تیشکۆ چووەتە سەر پێوەندییەکان و لەسەر شتەکان (ئۆبژێکتەکان) نەماوە و پێویستە لەو پێوەندییانەی بێ گومان زانیاری دەیانخوڵقێنێ ڕابمێنین، واتە بە دەستەبەرکردنی زانیارییەکان پێوەندییە زمانییەکان و مەدلوولیشمان بۆ ئاشکرا دەبێت. دیارە: دەق بە گوێرەی ئاماژەیەکی دەیڤد لۆج لە هزری خوێنەردا پرسیار دەورووژێنێ، ئەم چیرۆکەیش کە لە کەشوهەوایەکی کافکاوییانەی تاریکدا خۆیمان دەداتەدەست، ئەگەرچی کەشوهەوای دەقەکە، بەگوێرەی ئێمە کەشوهەوایەکی واقیعییانەی ئاساییە، بەڵام ئەو، واتە چیرۆکنووس، هەروەک ڤیکتۆر شکلۆڤسکی وتوویەتی بەڕێگایەکی نائاساییانە پێشکەشمانی دەکات و دنیابینی تایبەتمەندانەی واقیعێکمان بۆ بە گشتی دەکات، ئەگەر ئەم دەستەواژەیە لە (کەی.کەی.ڕۆسڤن) بخوازین و ڕوخساریش بە دنیایەکی جیاواز دەبەخشێت. ئەمە چیرۆک و بەسەرهاتی کارەکتەرێکە ناوی زریانە، بێ گومان ناویش زۆرجار دەلالەت بەخشە و لێرەیشدا وەک دالێک، پارادۆکسێک لەگەڵ جەوهەری ناوی کارەکتەرەکەدا دێنێتە کایەوە، پارادۆکسێکی زیرەکانە، چونکە دەلالەت لە شتێک دەکات کە ئەو کارەکتەرە خاوەنی ئەو شتە نییە. وەک ناو هەڵگری ڕەهەندی گشتییە، وەلێ وەکی تر وردوخاش و پارچە پارچەیە، مەبەست ئەوەیە لە جێگۆڕکێدایە و لەتاکەوە بۆ کۆ و بە پێچەوانەشەوە لە پێوەندییەکی دیالەکتیکییانەدایە. یانی لە هەندێ شوێن ڕەهەندەکە قووڵ و گشتگرە و لە هەندێ شوێنی تریشدا ئەو ڕەهەندەی لەدەست دەدات و لە خۆی

بەولاوە بڕ ناکات.

لێرەدا پێویستە هێدی هێدی بەرەو لکاندنی پارچەکانی ئەم حیکایەتە بڕۆین بۆ ئەوەی ڕەهەندە گشتییەکانی بەرجەستە بێت تا چوارچێوە گشتییەکەمان بۆ تۆختر بێتەوە و لە ڕێگای هزر و هۆشیشەوە و لە بری بیۆگرافیای ژیانی تاکێک بیۆگرافیای ژیانێکی گشتیمان بۆ ئاشکرا بێت، ئەمە وا دەگەیەنێ حیکایەتی زریانی کارەکتەر تەنیا حیکایەتی خۆی نییە، بەڵکو حیکایەتێکە، یان میراتێکە پشتاوپشت دێتەخوارێ و قورتمی دەگرێ، ئەوەتا دەق ئاماژە بە چرکەساتێکی تایبەتمەندی دایک و باوکی دەدات کە لەسەر بەرماڵن و سەبارەت بە ڕۆژێکیان دوعا و تکا دەکەن، دەپاڕێنەوە ڕۆژەکەیان بێ ئافات بێت، بەڵام ئەفسووس بێ ئافات نابێت و ئەفرێنەرانی زریانیش بەرەو دۆزەخێکی مەجهوول ڕاپێچ دەکرێن.

ئێمەیش لە ڕێگای دوورکەوتنەوەی بانگەڵای دایکەکەوە پەی بە دیارنەمانی دایکەکە دەبەین کە دەق جەختی لێ دەکاتەوە و ئەوەیش دەزانین کە دواجارە ئەم زریانە منداڵە بەو شێوەیە گوێی لە هاواری دایکی دەبێت و ئیدی بۆ هەتاهەتا شەپۆلی ئەو دەنگە لە دنیا دەڕەوێتەوە. دایک، لێرەدا ڕەهەندێکی گشتگری لە خۆوە ئاڵاندووە، یەکسانە بە ڕەوینەوەی ناوی زریان، چونکە تەنیا ئەو ناوهێنانە بەهای پێ دەبەخشێت و کەماڵی دەداتێ، ڕەوینەوەی ناوەکەیش دەتوانین بڵێین بە ڕەوینەوەی ناسنامە یەکسانە، ڕەوینەوەی ناسنامەیش ئیدی یەکسانە بە ڕەوینەوەی پێوەندی لەگەڵ شوێن، کەواتە ناسنامە نمایندەی شوێنە، شوێنیش نیشتیمانە. ئەوەتا تێکستەکە ڕایدەگەیەنێ و دەڵێ: نەیانهێشت نیشتیمانێکم هەبێت.

بۆ ئەوەی بوونێکی تەندروست و بەرهەمهێن، یان وەچەخەرەوە بۆ کارەکتەرەکە فەراهەم بکات. دایک و باوک، دیار نامێنن، کەشێکی کافکاوییانەی ترسناک لە دەوری منداڵەکە بەرقەرار دەبێت، گریان و تۆقین، ئینجا سەربازێک- وەک واشەیەکی برسی- دەبێتە هۆکار بۆ بەردانی ئاگرێکی دایساو لە نێو ڕانەکانی و چووک و هەردوو باتووی لە ژێر گوشاری پۆستاڵە دەستاڕئاساکانیدا دەکات بە ئاوە زلّزلّە و ئیدی ئاوی ژیان و ماکی زوڕییەتیان تێدا چک دەکات. لەم لەحزەیە بەدواوەیە، کە ڕاستییەکەی لەحزەیەکی ئۆنتۆلۆژییە بۆ زریان و ڕەهەندێکی هەتاهەتایی وەردەگرێت و دووچاری ئەو لەخودنامۆبوون و تەنیایی و بێزاری و لەت لەتییەی دەروون دەبێت، بەگومان دەبێت لە ڕەگەز، بەگومان بوونیشی لە ڕەگەز، بەگومان بوونە لە ناسنامە، ناسنامەیش هەستکردنە بە (بوون) و بەگومان بوونیش لە ناسنامە، بەگومان بوونە لە بوون!! بۆیە زریان لە پارچە پارچە بوونێکی ئۆنتۆلۆژییانەدا دەژێت و دوو پەسڵان پێکەوە دەلکێنێ: یانی بەبێ ئەوەی بڵێ بارودۆخێکی ناهەمواری بێ نیشتیمانبوون و بێ ناسنامەبوون بەردەوامە، دەڵێ من بێجگە لەم پەسڵانە پەسڵانێکی تریشم بینیوە، واتە دەتوانین بڵێین ئەو چاودێریکەری مێژوویشە، چونکە خۆی گێڕەرەوە و پاڵەوانی سەرەکی حیکایەتەکەیە، ئەمەیش بەوە پاڵپشت کراوە کە دەڵێت: ئەو ڕۆژە بۆ من کۆتایی دنیا بوو، واتە ئەو ڕۆژەی لە ناسنامە بێ بەری کرا، دنیا بۆ ئەو کۆتایی هات.. و نامۆبوون و تەنیایی بوون بە دنیای ئەڵتەرناتیڤ بوو بە کەسێکی عەوداڵ، بەڵام بەدوای چی؟ بەدوای کەسێک کە خۆیەتی هەروەک هیراکلیتس دەڵێت، بەڵام ئەفسووس واقیعە تاڵەکەی ئەو کەسە خۆدۆزەی لێ بەرهەم ناهێنێت، تا ئەو کەم و کەسرییەی چارەسەر بکات و ناچارە گۆشەگیر بێت و خولیا لەگەڵ کتێبان پەیدا بکات. ئیدی لەم ڕێگایەوە خۆی فێری فڕین دەکات و دەیەوێ بەو شێوەیە لە ناسنامە نزیک بێتەوە، یان ناسنامەیەکی جیاواز دەستەبەر بکات، بەڵام ئایا ئەمە مومکینە؟ لەم چرکەساتەی دەستپێکی چیرۆکەکەدایە کە بە بۆنەی یاری کردن بە کات وەک تەکنیک پێش کەوتووە و چرکەساتێکی کاتییە لەناو چرکەساتێکی ئەبەدیدا، دەزانین ئێمە لە بەرانبەر کارەکتەرێکین ڕۆشنبیرە، ڕۆشنبیرێکی ڕاستەقینەی وابەستە بە پرەنسیپە مرۆیی و تایبەتمەندەکانی ئەو شوێنەی تێیدایە، ئەمەیش وا دەکات ئینتیمای بۆ شوێنێک بڕسکێت، کە نیشتیمانێتی و نیشتیمانیشی نییە! لێرەدایە ڕاسکۆڵنیکۆف، کارەکتەری سەرەکی شاکاری (تاوان و سزا)ی دەستۆیڤسکی ئامادە دەکات و داوای بەدەنگەوە هاتنی لێ دەکات، چونکە ئەو، واتە زریان، وەک پێشتر وتمان بێ پشت و پەنایە، هەر تەنیا ئومێدی بەوەیە ڕۆشنبیرییەکەی بەهانایەوە بێت و ئاریشە وجوودییەکەی چارەسەر بکات و هەستیش دەکات لەگەڵ ڕاسکۆڵنیکۆفدا شتێکی هاوبەش پێکیانەوە دەبەستێ، تاسەی ئەوە دەکات ئەو شتە هاوبەشەی بۆ بگێڕێتەوە کە ئەویش نهێنی تەنیاییەکەیەتی، بەڵام لەگەڵ

فریشتەکاندا، کە دواتر دێینە سەری، شتێکی هاوبەشی نییە، بەڵکو ئەوەی هەیەتی تاکلایەنانەیە و بە زۆرەملەی خۆی بۆیان دەگێڕێتەوە، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێ زریان، دەیەوێ کۆمەک لە خالّقێکەوە وەربگرێت کە ڕاسکۆڵنیکۆفی داهێناوە، تا قەدەرێکی تری بۆ دیاری بکات، لێرەدا ئیتر ئاشکرایە، ئەو چیدی وەک باوک و دایکی خۆی بەرماڵێک ڕاناخات تا دوعا و نزا بۆ خالّقێک بکات تا سەر ئێسقان پاسیڤە بەرانبەر بوویەرەکانی دنیا جەنجاڵەکەی.

دیارە لەم ناوکۆیەدا زریان خۆی وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی نمایش ناکات، ئەمەیش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی کۆمەڵگا بوونێکی تۆکمە و بنیادێکی یەکانگیری نییە، بۆیە ئەو ئینسانێکە ئەو بوونەی لێ زەوت کراوە و نامۆیی لێ دەچۆڕێتەوە و تەنیاییەکی بێ ئامان لێوەی سەردەکات و عەودالّی هاوچوونێکە نهێنی ئەم تەنیاییە سەپێنراوەی بۆ باس بکات- بێ گومان ئەم تەنیاییەش خاوەن مەدلوولە- کە بارێکی لە هەڵگرتن بەدەرە و پرزەی لێ بڕیوە و لە تەمەنی دەخواتەوە. ڕاستە لەم ئاستەدا ڕاسکۆڵنیکۆف دێتە ئارا، بەڵام ئەم ڕاسکۆڵنیکۆفە هێندەی داهێنانی نووسەرە، هێندە پاڵەوانە ناوبراوەکەی دەستۆیڤسکی نییە و هەستی ئەوەمان پێ دەبەخشێت زریان خۆیەتی، ڕەنگە بشێ خودی نووسەر خۆیشی بێت، کە دەیەوێ لە دووتوێی دەقەکەدا خۆی بتوێنێتەوە، خوێنی خۆی حەڵاڵی کەسێک بکات هەتا شوێن بزری بکات، چونکە کەڵک و هوودەی بوون چییە ئەگەر بێ ناسنامە بێت؟ بێ گومان ئەو شوێنەی تێیدا بزری دەکات دەقێکی ئەدەبییە و دەتوانێ وەک پیرێژنە سووخۆرەکەی (تاوان و سزا) تێیدا ببێتە کارەکتەرێک کە هۆکاری هاتنەدی شاکارێکە- ناسنامە- کە سەرەنجام ئەو ئەبەدییەتەی پێ دەبڕێت کەوا لەپێناویدا خۆی بە قوربانی دەکات. وەک وتمان، ڕاسکۆڵنیکۆف هەر خۆیەتی، کەچی دەزانێ قوربانییە و ناتوانێ هاوکات ببێتە جەللادی خۆیشی، لەبەر ئەوەی چ وەک خوێنەر، چ وەک داهێنەر لە ڕووبەری دەقەکەدا، لە بەرهەمهێنانی مانای تێکست تێوەگلاوە بەپێی دەیڤد لۆج، دەستی ناچێتە خوێنی خۆی و ناتوانێ ئەو مردنە تاقی بکاتەوە، ئیتر ئەمە لە بەرهەمهێنانی دەخات، بۆیە کاتێ خەریکە بە مردنێکی بابلێین سروشتی دەمرێت: دوا ساتەکانی بەر لە جیابوونەوەی لەم دنیایە دەقێکی تر دادەهێنێ، ئەو دەقەی تەنانەت لە شاکارەکانی دنیاشدا

بەرچاوی نەکەوتووە- یانی (تاوان و سزا) کەی دەستۆیڤسکی لێرەدا وەک ئاماژەیەکی زیرەکانە وایە بۆ دوو بابەتی جیاواز، بابەتێک تەنیا بەوانی دی تایبەتە، بابەتەکەی تریش تەنیا بە زریان تایبەتە- یان ئێمە- کە بوونی نییە، یان دەگمەنە لەلای ئەواندا- چونکە ئەوان بابەتی تاکڕەهەند دەردەخەن، ئێمەیش بابەتی فرەڕەهەند، هەروەک لە شوێنێکی تری ئەم باسەشدا ئیشارەمان بەوە داوە کە زریان هەڵگری ڕەهەندێکی گشتییە. لەم هێنانە قسەیەی کارەکتەری ڕۆمانەکەی دەستۆیڤسکی مەبەستی ئەوەیە لەو کەرتبوونەی دەرباز بکات، بەڵام ئەو (کە لێرەدا هزری دەقە) ڕێگا چارەیەکی دیکەی بۆ دەکاتە سەرمەشق، ئەویش کۆکردنەوەی کەرتەکانە، تازە کار لەکاریش ترازاوە، ئەو کەرتانە هیچ شتێک کۆیان ناکاتەوە، چونکە ئەو کەرتانە مەدلوولی خۆیان لە واقیعەوە وەرگرتووە و شتگەلێکی تایبەت نین بە تاک تا بتوانێ یونیلاتڕەڵانە چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوە و واقیعی حاڵیش ئومێدبەخش نییە، بۆیە هیچ گۆڕانکارییەک نایەتەدی و سەرەنجام دەبێ هەر بەو پارچە پارچانەی خۆیەوە ماڵئاوایی لە دنیا بکات و بڕوات، یانی ئەو مردنەی ئاشکرای دەکات. ئەگەر لێرەدا مردن نەبێت کە فریادڕەسی پاڵەوانە (ناپاڵەوانە) کەی ئەم دەقەیە، ئەوە مۆنۆلۆگە ناڕاستەوخۆکەش تاهەتایە هەر بەردەوام دەبێت، وەک ئەوەی لە جێیەکدا دەڵێت: (دەمزانی هێشتا چیرۆکەکەم تەواو نەبووە...)، ئەمەیش دەنگەکانی ناوەوە و دەرەوەمان بۆ بەرجەستە دەکاتەوە:

لەو شوێنەی دەڵێ: من خۆمیش نازانم چ بوونەوەرێکم- وەک دەنگی کۆی تاک.

لەو شوێنەی دەڵێ: ئەو دەنگانەی کە قەت نەگوێیان لێ گرتم و نە هەستیان بە ئازارەکانم کرد- وەک دەنگی تاکی کۆ پێمان دەڵێت ئەگەرچی زریان بە مردنی خۆی ئاهێکی پێدا دێتەوە، بەڵام چیرۆکەکە، تەنیا چیرۆکی تاقانەی ئەو نییە تا لەوێدا کۆتایی پێ بێت، بەڵکو چیرۆکی دنیاکەیەتی، بێ گومان هەر بەو شێوەیە بەردەوام دەبێت و کۆتایی بەو حیکاتەیش نایەت، بۆیە زریان سەرتاپای ژیانی بۆ ئەم ساتەوەختە هەڵگرتووە و تێیدا چڕی کردووەتەوە، تا ببێتە گێڕەرەوە تاقانە و دانسقەکەی خۆی، یانی گێڕەرەوەی حیکایەتی خەسیوییەکەی کە ئەم ساتەوەختە دەبێتە هۆکاری ئەوەی ئەم کارەکتەرە هەموو ژیانی خۆی بژێت بەبێ ئەوەی چرکەساتێک باوەڕ بە ئایندە بکات، بەبێ ئەوەی بتوانێ هەوڵێکیشی

لەپێناودا بدات، چونکە وەک ئەوەی دەردەکەوێ بەر لە کۆکردنەوەی پارچە و لەتەکانی خۆی، هەموو ئاواتەکانی پووچەڵ دەبنەوە و هەوڵەکانیشی بەهەدەر دەچن. ناسنامەیش وەک چەقی دەق و تۆخکەرەوەی، پرۆژەیەکە بۆ بەئاگا هێنانەوە و زیندووکردنەوەی هەوڵەکان، جگە لەوە پرۆژەیەکە بۆ بەئاگا هێنانەوەی ئاییندەیش، یانی وروژاندنی پرسیار لەلایەن ئەوانی دییەوە- ئەوانەی دەیانەوێ بینێژن- و جگە لەوە ڕامانیشە لە خود، هەروەها ڕامانە لە تێرمی نێرینەیی- بە مانا سێکسییەکەی نا- هەوڵدان بۆ پێناسە کردنەوەی! کە ئەمەیش لە ئاکامدا تێفکرینێکی پۆزەتیڤانە لەمەڕ ئاییندە دێنێتە ئاراوە، لەمەڕ نامۆبوونی خود لە ژیاندا کە پێویستە بەسەریدا سەرکەوین، بەڵام چۆن بەسەریدا زاڵ دەبین؟ ئایا بەو مردنەی مانیفێستی ناسنامەیەکی پەردەپۆش و زەوتکراوە؟ چونکە ئێمە دەزانین هەتا دەمی مردنەکە هیچ شتێک لەمەڕ ئەم نامۆبوونەوە ئاشکرا نییە، پاشان بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە نامۆبوونەکە دەبێتە یەقینێکی گومان هەڵنەگر و دواجار گۆڕانکاری بەسەردا دێت. لێرەدا دەکرێ بە دوو دیو تەماشای ئەم مردنە بکەین، بە دیوێک ناسنامەی ڕەگەزیی تێیدا تۆخ دەبێتەوە، بە دیوەکەی تریش ناسنامەی خودیی تێیدا بەرجەستە دەبێت و دەبێتە قوربانییەک لەپێناوی گۆڕینێکی پۆزەتیڤانەی ناسنامەی ئەوانی دی- زیندووەکان- لە پێناوی چارەسەرکردنی ئەو تەنگژە ڕوحییەی دەستەویەخەی زریان بووەتەوە و بە کێشە میتافیزیکییەکانی مرۆڤ ناچێت و زۆر لەوانە تاریکترە، ئەو تەنگژەی لە سەروبەندەکانیدا مرۆڤ سەرزیندە و چالاک دەبێت، بۆ ئەوەی وەک بابەت لە خۆی تێ بگات و ڕێگا چارەی بەجێ بۆ کێشەکانی بدۆزێتەوە.

لێرەدا پەی بە نەوتراویش دەبەین، ڕاستییەکەی ئەگەرچی زریان تەنیا بە چک پێکردنی زایەندیی توخمایەتییان بنبڕ کردووە، بەڵام ئەوانی تر لە قووڵاییی ڕوحیاندا ئەو توخمایەتییە ڕیشەکێش کراوە و سەرباری پارادۆکسەکەی کۆتایی لەوێدایە کە ئەوان تەنیا و تەنیا ئەندامی نێرینە بە هێمایەک دەزانن بۆ پیاوەتی، کەچی خۆشیان وەک ئەم بە زۆردارەکی لە توخمی خۆیان هەڵنەگەڕێنراونەتەوە و ئەندامی نێرینەیان هەیە، کەچی لەو نێرینەییە بێ بەرین کە زریان بێزووی پێوە دەکات، بە دەلیلی ئەوەی زریان وای بەسەرهاتووە و مشتومڕەکەی ئەوانیش خۆی تەنیا لە پرسیارێکی بێهوودە و لە مانابەدەردا چڕ کردووەتەوە، ئەمەیش دواجار ئەوەمان پێ دەڵێت کە قەتیس کردنی پیاوەتی و نێرایەتی لە جێگایەکی دیاریکراوی جەستە دەرکردنێتی لە ڕەهەندە ئینسانییەکەی، بەڵام خۆشبەختانە زریان لە ڕەگەزی خۆی دڵنیایە، چاوەڕێی ئەوەی نەکردووە ئەوان- واتە بەدگومانەکان- ناسنامە ڕاستەقینەکەی کەشف بکەن و خۆی بۆی بەجێ هێشتوون، ئەگەرچیش خۆی تووشی گومانی بێ ناسنامەییش بووە و لە شوێنەکانی تری دەقدا ئەو هەستەی بە ئاشکرایی دەربڕیوە، هەروەک لەو شوێنەی لەگەڵ فریشتەکاندا دەدوێت و دەڵێت: (هاتوون ناسنامەی ڕەگەزی ڕاستەقینەی خۆم بدەنە دەستم و ئاسوودەم بکەن.)

لێرەدا فریشتەکان بۆ لێپرسینەوەی هاتوون- یانی خوداش ئەم کارەکتەرەی بۆ خانەی سزا دەوێت و ڕێک لەم ساتەوەختەی دەقدا ئەفسوونی خودا و ئایینیش پووچەڵ دەبێتەوە، چونکە ئەوان کە دێن سەربردە و حیکایەتی زریان نازانن، نازانن ئەو لە چرکەساتێکی ئۆنتۆلۆژییانەی لە خودنامۆبووندا دەژێت و ئەم چرکەساتەش ڕەهەندێکی هەتاهەتایی وەرگرتووە و دووچاری تەنیایی و بێزاری و لەت لەت بوونی دەروونی کردووە، نایزانن، بەڵام ئەو بۆیانی دەگێڕێتەوە، گرێدانێکی بەجێ و ڕێی کارەسات بە(الصلاة خیر من النوم) گرێ دەدات، بۆ ئەوەی ڕووبەری ڕەخنەی گەورەتر بکاتەوە و لە ڕێگای ئایینەوە خودی خودا بخاتە ناو بازنەی ڕەخنەوە و پێی بڵێ ئێمە بۆ تۆ، تەنانەت تێر بە چاوی خۆیشمان ناخەوین، کەچی چارەنووسێکی ئاوامان پێ دەبڕیت! پاشان بە مۆنۆلۆگێکی هێمن و دەستەمۆ، ژیان، یان بیرکردنەوەی ناوەکییانەی زریان دەخاتەڕوو، زریانیش لەبەر ئەوەی - وەک چەند جارێکیش وتمان- دەلالەتی گشتگر هەڵدەگرێ، ڕەخنە ڕووبەڕووی گشتێک دەکاتەوە و دەڵێ: ئێمە قاوغێک کۆی کردووینەتەوە، بەڵام هەموومان بەیەک نامۆین.. ئەم ئاشکراکردنی قووڵاییەی خودی کارەکتەر لایەنگری بۆ پەیدا دەکات و لەوانەیە بەزەییش بوروژێنێ. ئەم مۆنۆلۆگەش، مۆنۆلۆگێکی ناخەکییانەی ڕاستەوخۆ نییە، چونکە بەسەر بیرۆکەکاندا بازنادات، بەڵکو بیرکردنەوەکان لە چەقێکدا کۆدەکاتەوە و سەرکەوتووانە بەرەو ئەو ساتەوەختە چارەنووسسازە دەبیات کە ساتەوەختی مردنەکە و بەرهەڵدا کردنی حیکایەتەکەیە، یان ئاشکرا کردنی نهێنییەکەیە، بۆ ئەوەی ئیتر ڕووبەری تێکست هەر تەنیا

ئەوە بگرێتە خۆ کە پێداویستە و چمکێکی نەوتراویش بۆ خوێنەر بهێڵێتەوە، تا بەگوێرەی مەعریفە و هزر و لێکدانەوەی خۆی گریمانەی بۆ بکات، بەڵام ئەم مردنەی لەپێناوی گۆڕینێکی پۆزەتیڤانەی ناسنامەدایە کە لە تانوپۆی ئەم تێکستەدا بەهایەکی ناوازەی پێ دراوە، لە بنچینەدا بە هۆی ڕیشەکێش کردن و لەناوبردنی ڕەگەزەوەیە، جەخت لەسەر بێ وەجاخی دەکاتەوە، لێرەدا بیرکردنەوە لە ئەندامی زاووزێ پتر بۆ هێشتنەوەی بنەچەیە وەک لەوەی بیرکردنەوەیەکی ڕووت بێ لەپێناوی کردەی سێکسیدا، چونکە بە پێی پێدراوی دەق، ئەو ئەرکەی دەبوایە زریان جێبەجێ بکات (بێ گومان لە ڕێی پراوەکردنی زایەندەوە) ئەگەر ڕەگەزی چکی نەکردبایە: مرخ خۆش کردن نەبوو لە چاوبڕینە مەمکی تورت و سمت و کەفەڵی مێیینەکانی دەربارێک، بەڵکو مرخ خۆش کردن بوو لە خستنەوەی وەچەگەلێکی خاوەن گەرووگەلێکی ئەوتۆی پڕپڕ لە چریکەی ئای ئای و لاوکی چیاییش- ئەمەی دواییان بە دەلالەتە سیمبۆلییەکەی، چونکە بۆ ئەو وەچە نەخستنەوە، یانی بەرخوردار نەبوون لە مانەوە، کەواتە دەشێ ئەندامی نێرینە ڕەمزێک بێت بۆ چەک، ئەگەرچی زریان خاوەنی ئەو چەکە نییە، نە بە مانا مەعنەوییەکەی و نە بە مانا ماددییەکەیشی، کەچی ئەم گوتارەی خۆی کە لە ڕێگای مۆنۆلۆگەوە دەری دەبڕێت، ڕووی ڕەخنە دەکاتە ئەوانەی لەو چەکە بێبەری نین، لێرەدا چەک مانا ماددییەکەی هەڵدەگرێت نەک بە پێچەوانەوە، بەڵام ئاگایان لە ئازاری بێ چەکەکان نییە، بە بەڵگەی ئەوەی نازانن لە چ ڕەگەزێکە! یانی دەکرێ بە دیوی تریش تەماشای ئەم دەقە بکرێت و خوێندنەوەی سیاسیانەشی بۆ بکرێت.

ڕاستە ئەم چیرۆکە کەم و زۆر، شتی لە واقیع وەرگرتووە بۆ ئەوەی دنیاکەی خۆی دابهێنێ و زۆرجاریش حەواڵەی دەرەوەی خۆیمان دەکات بۆ ئەوەی لە دەرەوەڕا پێوەندی لەگەڵدا ببەستین، نەک هەر ئەوە، تەنانەت دنەی ئەوەشمان دەدات لە ناوکۆی دەرەوەی خۆیدا پێوەندی لەگەڵ مێژووشدا ببەستین تا بتوانین سەرەنجامگیریی بۆ"مانا ڕوحییەکەی"بکەین کە هەڵگری پەیامی دەقەکەیە، بەڵام بە جەختەوە دەتوانین بڵێین ئەو واقیعە تایبەتییەی خۆی ئافراندووە و هیچ پێوەندییەکی بەو واقیعە ئاساییەوە نییە کە چاوی هەر هەموومان دەیدرکێنێ، ئەمەیش تایبەتمەندییەکی تاکڕەوانەیە و ڤلادیمێر نابۆکۆف ناوی هونەری ڕاستەقینەی لێ دەنێت. فۆرمیش، ئەگەرچی تەمومژ، یان لوغزئامێزییەکی شەففافی تێ هەڵکێشە، ئەویش هەروەک هۆراس دەڵێت: بۆ ئەوەی دەقەکە کورت و چڕوپڕ بێت. ڕەنگە هەر ئەم سیخناخی و چڕوپڕییەش ئەم بارە لوغزئامێزی و تەمومژاوییەی دەقی هێنابێتەدی، ئەمەش وای کردووە زمانی دەق، کوالێتییەکی شیعرییانەی هەبێت و هاوکات بەرجەستەی فیکریش بکات و لە هارمۆنییەکی باشیشدا بێت لەگەڵیدا. وێڕای ئەمەیش گۆشەنیگای هەر چیرۆک، یان ڕۆمانێک، هەروەک هێنری جەیمس دەڵێت، پێویستە تایبەت بێت بە یەک کاری ئەدەبی و لە هەموو کارەکانی تری نووسەردا دووبارە نەبێتەوە، کەچی لەم دەقەدا هەر هەمان ئەو گۆشەنیگا هەمیشەییەیە کە نووسەر جار دوای جار بەکاری دێنێت، بەڵام ئەوەی سەرنجڕاکێشە لێرەدا ئەوەیە ئەم گۆشەنیگایە لە تانوپۆی ئەم دەقەدا تابڵێی گونجاو و جێگیرترە و پڕ بە پێستی ئەو بابەتەیە کە دەگێڕدرێتەوە، چونکە هاوکات هەم گۆشەنیگایەکی مێژووییانەیە و هەم گۆشەنیگایەکی واقیعیانەشە، یانی دوو ڕەهەندی لەخۆ گرتووە و ڕەهەندی سێیەمیش کە زەمەنی گێڕانەوە بەسەر تێکستەکەدا دەیسەپێنێ، ڕەهەندێکی خودییانەیە، بەمەیش دەکرێ بڵێین هێشتا زەمەن پێش جەلیل کاکەوەیس نەکەوتووە و ئەم تێکستە چڵەپۆپەی ئەزموونە دەوڵەمەند و فرە ڕەهەندەکەیەتی و بە ڕخنەگرتنێکی زیندوو لە خود گەردوونئامێزییەکی بۆ خۆی دەستەبەر کردووە و لەو ژیانە پڕ لە هەوڵ و ناخۆشی و جەنجاڵییە بێ پاداشتەشیدا ڕەنج بەخەسار نەبووە.

**کانوونی دووەم و شوباتی ٢٠١٨**


**سەرچاوەکان:**

**١-مردن ئاشکرای کردم- جەلیل کاکەوەیس- گۆڤاری ڕامان- ژمارە ٢٤٨، کانوونی دووەمی ٢٠١٨.**

**٢- ک.ک.روپڤن- قضايا في النقد الأدابی- ترجمة: الدكتور عبدالجبار المطلبي- مراجعة: الدكتور محسن جاسم الموسوي- دار الشوون الثقافية العامة، بغداد، الطبعة ألاولى، ١٩٨٩.**

**٣- حنا مينه- ناظم حكمت: السجن. المرأة. الحياة- دار الأداب، بيروت، الطبعة ألاولى، ١٩٧٨.**

**٤- كولن ولسون- الشعر والصوفية- (پی دی ئێف)**

**٥- ريتشارد شاخت- ألاغتراب- ترجمة: كامل يوسف حسن- المؤسسة العربية للدراسات والنشر- بيروت، الطبعة الأولى ١٩٨٠.**

**6- David Lodge- The Art of Fiction- Penguin Books- London-1992.**

**7- Jonathan Culler- Saussure- Fontana Modern Masters- Editor: Frank Kermode- Second impression- G.B. 1979.**